# هێرشی داگیرکاران بۆ سەر کوردوستان و هەڵوێستی پاسیڤیستی

کامەران عازیز

گەر بە مێژووی کوردوستاندا بچینەوە ، بەردەوام تانک و کۆپتەر و چەک و پۆستاڵ و سەرباز بە بەرگ و زمانی نامۆوە لە نێو شار و لە شاخ و کۆلان و سەربان و بن ماڵەکانماندا بە چاوی سورەوە ، بە دەستی چەک و خوێناوی‌یەوە ، هەراسانیان کردوین ، ژیانیان لێ تێکداوین و سات نا ساتێک مەرگیان پێ پیشان داوین ...!

گەر هەر کوردێک ئاوڕێک بە مێژووی ستەمی میللی خۆیدا بداتەوە ، هەموو ڕوداوە خوێناویەکانی دێتەوە یاد ، هەموو ئاوارە بونەکانی دێتەوە یاد ، هەموو ئەشکەنجەی زیندانەکانی دێتەوە یاد ، هەموو ئیعدامەکانی دێتەوە یاد ، هەموو کاولکردن وسوتانی دێهاتەکانی دێتەوە یاد ، هەموو سەرکوت و داپڵۆسینەکانی دێتەوە یاد ، هەموو کوشتن و خوێن ڕشتنەکانی دێتەوە یاد، کوشتنی بە کۆمەڵی شارو دێهاتەکان و ئەنفال و کیمیابارانی دێتەوە یاد ، بە کورتی هەموو کوشتن و کوشتنەکانی کوردی دێتەوە یاد ، کە داگیرکاران لە ئەنجامی هێرشەکانیاندا دژ بەم میللەتە بێبەش و ژێردەستەیە ئەنجامیان داوە .

هەموو ئەو ڕوداوانە لە دەرەوەی شوێن و سنوری خاک و ژینگەی داگیرکاران و لە ناوەوە و لە نێو جەرگەی خاک و ژینگەی خەڵکی کوردوستاندا ڕویداوە و مرۆکانی لە هەموو مافێکی مرۆیی بێبەشکراوە ، بەڵام خەڵکی کورد بەردەوام لە شوێن و ژینگەی خۆیدا بەرگری خود و شوناس و بە زیندوو مانەوەی خۆی کردوە ، وە نەک هێرشی نەکردۆتە سەر مافی هیچ میللەتێکی دی بەڵکو خواست و داواکانی لە مافی ئەسڵی خۆی زۆر کەمتر بوە ، کەچی سەرەڕای ئەوەش بە ئاگر و ئاسن و گوللە وەڵام بە ویست و خواستەکانی دراوەتەوە و دەدرێتەوە ..

بە هۆی نەبونی ئازادی و دیموکراتیەوە . بە هۆی توندی سەرکوتەوە ، بەهۆی دڕندەیی و خوێنڕێژی داگیرکارەوە ، خەڵکی بێبەشی کورد نەیتوانیوە لە شوێنێ ژیانی خۆیدا داواکانی ، مافە سیاسی و ئابوری و میللیەکانی بە ئاشتی و دیموکراتی بە دەست بهێنێت ، بۆیە ناچار کراوە و دەکرێت ، یان گیانی دەستەمۆیی و تەسلیم بون پیشان بدا لە بەرامبەر سەپاندن و دیکتاتۆریدا ، یان ڕێگای چەک و یاخی بون و سەنگەری بەدیهات لە شارەوە بۆ شاخ هەڵبژێرێت.

بۆیە بۆمان هەیە بپرسین ، هێز و سەربازی داگیرکارانی ئیران و عێراق و سوریا تورکیا بە چ حەقێک وە بەچ بەڵگەیەک دەبێت لە کوردوستان بن ؟! یان بۆ کوردوستان لە ژێر سایەی ئەواندا بێت ؟! بۆ ئەوان دەبێت بڕیاری ژیان و چارەنوسی ئێمە بدەن ؟! چ شتێکی هاوبەش کورد و دەستەڵات و حوکومەتی داگیرکاران دەبەستێت بە یەکەوە ؟ نە زمان ، نە فەرهەنگ ، نە مێژوو ، نەمیللەت ، نەخاک ، نە هاوکاری و هاوپشتی و پاراستن ، ئەی بە کام حەق داگیرکاران لە کوردوستانن و لە کوردوستان خوێن دەڕێژن و سەرکوت دەکەن ؟ کێ تاوانبارە؟ کام بەرە خاوەن مافەو کام بەرە مافی لێ زەوتکراوە ؟ بەرەی کورد یان بەرەی داگیرکاران ؟ گەر دادگایەکی نێو دەوڵەتی دادپەروەر هەبێت ، کێ دەبێت سزا وەربگرێ و کێ دەبێت مافی بۆ بگەڕێتەوە ، کورد یان داگیرکاران ؟ کێ دەبێت کوردستان بەجێبهێڵێت و تێیدا بچێتە دەرەوە ، خەڵکی کوردوستان یان هێزی داگیرکاران ؟

با ئەوانە وەڵام بدەنەوە ، کە لە شەڕو پێکدادانی پاسدارانی ئێران و هێزەکانی( پژاکدا ) لایەنگری لە ئێران دەکەن و تاوانی خوێناوی و داگیرکاری ئێرانیان لەبەرچاو ونبوە ..! ئەم هەڵوێستە لە هەڵوێستی پاسیڤی دەوڵەمەند و خاوەن بازاڕ و هەلپەرستەکان دەچێت کە کاتی خۆی ڕەخنەیان لە کە س و گروپ و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەگرت و دەیان گوت ، گەر ئەمانە نەبن سەدام پیاوێکی باشە و ئاوا ناکات !!!! بەڵام لە بەر قازانجی تایبەتی خۆیان بیریان نەدەکردەوە و پرسیاریان لە خۆ نەدەکرد و ناکەن ، بەعس بۆ لە نێو ئێمەدابوو ؟ یان بۆ دەبێت پاسداران و جەندرمەو سەربازانی نامۆ لە نێوماندا بە ئازادی بێن و بڕۆن و حوکم بکەن و خاوەن دەستەڵاتمان بن و بکوژ وببڕ بن و ناشبێت هیچ بەرگریەک لە بەرامبەریاندا پیشان بدرێت ؟ !

**ئێستاش سەیرە کە پرسیار لە خۆیان ناکەن و ناڵێن بۆچی جمهوری ئیسلامی کۆنەپەرست و تورکیای فاشست ملهوڕی دەکەن و چەندەها سنور دەشکێنن و دەبڕن بۆ کوشتن و ئاگربارانی خەڵکی هەژارو بێبەشی کوردوستان ؟!.**

03.09.07